Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian- Conf-Sajade,22

# ڕۆڵ و پێگەی عەلائەددین سەججادی لە ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا

سەیید ئەحمەد پارسا

زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران

*Article Info*

Received: May, 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

*Keywords*

ڕەوانبێژی، جوانکاری، واتاناسی، عەلائەددین سەججادی، هەڵسەنگاندن

Corresponding Author
dr.ahmadparsa@gmail.com

**پوختە**

سەرەتای دارشتنی تیۆرییەکانی ڕەوانبێژی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن، پاشان زانایانی موسوڵمان بۆ ناسینی باشتری ئیعجازی قورئان ئەم زانستەیان بەکار هێنا. جاحیز(و.٢٥٥ک)، ئەبووهیلالی عەسکەری(٣٢٠-٣٩٢ ک)، ئیبنی ڕەشیقی قیروانی(و. ٤٥٦ک)، عەبدولقاهیر جورجانی(٤٠٥-٤٧٤)، خەتیب تەوریزی(٤٢١-٥٠٢)، سەککاکی(٥٥٥-٦٢٦ک)، ئیبنی ئەثیر(٥٥٨-٦٣٧) و تەفتازانی(٧٢٢-٧٩٢) بەشێک لەو زانایانەن؛ واتە سەرەتای ڕەوانبێژی لە عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر. لە دوای ئەوان فارسەکانن کە پێشینەی ئەم زانستە لای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا کە یەکەم کتێبی ڕەوانبێژی –کە تا ئێستاش ماوە- بە نێوی ترجمان البلاغە لەلایەن موحەممەدی کوڕی عومەری ڕادویانییەوە نووسراوە. بەڵام بەداخەوە پێشینەی نووسینی ئەم زانستە لە کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ٩٩٥ ساڵ بەر لە ئێستا کە یەکەم جار شێخ نووری شێخ ساڵح(١٨٩٦-١٩٥٨ز.) چەند بابەتێکی لە گۆڤاری ژیاندا بڵاوکردەوە و جارجارە دێرە شیعرێکی لە شاعیرە کوردەکانیش وەک نموونە بۆ هێناون. بەڵام یەکەم کتێبی زمانی کوردی لەم بوارەدا کتێبی خۆشخوانی مامۆستا سەججادییە کە لە ساڵی ١٩٧٨ زایینی لە چاپ درا. ئەم توێژینەوە بە شێوازی وەسفی – شیکاری ئەم کتێبە شرۆڤە دەکات. دەرەنجامەکان دەری دەخات کە ئەم کتێبە هەر سێ بەشی ڕەوانبێژی واتە ڕوونبێژی، جوانکاری و واتاناسی لە خۆ دەگرێت. نووسینی یەکەم کتێبی سەربەخۆ لە ڕەوانبێژیدا، دانانی نێوی کوردی لەجیاتی نێوی عەرەبی بۆ یەکەم جار بۆ هەر کام لە زانستەکانی ڕەوانبێژی، کەڵک وەرگرتن لە نموونە جوانەکانی شیعر و پەخشان و تەنانەت فۆلکلۆری کوردی بۆ مەبەستەکانی ئەم زانستە، نوێکاری بەرچاو و زۆر شتی دیکەی وەک ئەمانە توانیویانە ڕۆڵ و پێگەی عەلائەددین سەججادی باشتر ڕوون بکەنەوە و وا بکەن کە ئەم کتێبە هەتا ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ توێژەرانی ئەم بوارە بناسرێت.

## پێشەکی:

زمانی ئەدەب جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ زمانی ئاسایی هەیە، چونکە لە زمانی ئاسایی خەڵکدا چی گوتن گرینگە، بەڵام لە زمانی ئەدەبدا لەگەڵ چی گوتن، چۆن کوتنیش زۆر گرینگە و هەر ئەمە جیاوازییەکی هەرە گەورەی لەنێوان ئەم دوو زمانەدا پێک هێناوە. ئەرکی بەشێکی هەرە گەورەی چۆن کوتن دەکەوێتە سەرشانی ڕەوانبێژی کە سێ زانستی ڕوونبێژی (البیان)، جوانکاری (البدیع) و واتاناسی (المعانی) لەخۆ دەگرێت.

سەرەتای دارشتنی تیۆرییەکانی ڕەوانبێژی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن، پاشان زانایانی موسوڵمان بۆ باشتر ناسینی ئیعجازی قورئان، ئەم زانستەیان بەکار هێنا، چونکە زۆربەی ئەو زانایانە ئیعجازی قورئانیان لە ڕەوانبێژیی ئەودا دەزانی. حاجیز (و. ٢٥٥ ک. م ئەبووهیلالی عەسکەری(٣٢٠-٣٩٢ ک.))، ئیبنی ڕەشیقی قیرەوای(و. ٢٥٥ ک.)، عەبدولقاهیر جورجانی(٤٠٥-٤٧٤ ک.)، خەتیب تەورێزی(٤٢١-٥٠٢ ک.)، سەککاکی(٥٥٥-٦٢٦ ک.) ئیبن ئەثیر(٥٥٨-٦٣٧ ک.)، تەفتازانی(٧٩٢-٧٢٢ ک.) بەشێک لەو زانایانەن؛ واتە سەرەتای ڕەوانبێژی لەناو عەرەبدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر، دوای ئەوان لەنێو وڵاتە موسوڵمانەکاندا ئێرانییەکان بە زمانی فارسی ئەم زانستەیان بەکار هێنا و پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا و یەکەم جار پیاوێک بە نێوی موحەممەدی کوڕی عومەری ڕادویانی کتێبێکی بە نێوی ترجمان البلاغە نووسی. بە دوای ئەودا شەمسی قەیسی ڕازی کتێبی المعجم فی معاییر اشعار العجم (فەرهەنگێک بۆ پێوەری شیعری فارسی)، شەرەفەددین حەسەن کوڕی ڕامی، نووسەری کتێبی حدائق الحقائق «باغی ڕاستییەکان»، ڕەزا قولیخانی هیدایەت نووسەری مدارج البلاغە، عەلی کوڕی موحەممەد تاجولحەلاوی نووسەری دقائق الشعر و دەیان کەسی دیکە لەم بوارەدا دەستیان بە نووسین کرد؛ بەڵام بەداخەوە نووسینی یەکەم وتارەکان لە بواری ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا، یان باشتر بڵێم یەکەم دارەدارەی کورد لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ٩٥ ساڵ بەر لە ئێستا؛ کەواتە کورد ١٢٩٥ ساڵ دوای عەرەب و ٩٠٥ ساڵ دوای فارسەکان لەم بوارەدا دەستیان بە نووسین کرد. هۆی ئەم کارەش بە بڕوای من دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆیەک:

یەکەم: ئەم زانستە یەکێک لە زانستەکان بۆ خوێندنی ئایینی بوو، بۆ تێگەیشتن لە جوانی و ئیعجازی قورئانی پیرۆز و جیاوازی لەگەڵ کەلامی خەڵکدا. هەر بۆیەش ئەم زانستە لە سەرەتای ئیسلامدا لە مزگەوتەکانی کوردستان لەلایەن فەقێکانەوە بە زمانی عەرەبی دەخوێندران، واتە هەر ئەو کتێبە عەرەبییانەی وا سەبارەت بەو زانستە نووسرابوون وەک المختصر البلاغە یان مطوّلەی تەفتازانی، الإیضاح فی علوم البلاغەی خەتیب قەزوێنی و کتێبەکانی دیکەی وەک ئەمانەیان دەخوێند. ئەو کەسانەشی کە لە ڕێگای خوێندنی گوڵستان و بوستانی سەعدی شیرازییەوە فێری زمانی فارسی ببوون، لەوانەیە ئەو کتێبە فارسییانەشیان بینیبێت و خوێندبێتیانەوە.

دووهەم: خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لەو کاتەدا باو نەبووە و هەر بۆیەش هیچ گرنگی پێ نەدراوە.

سێهەم: لەوانەیە ئەو بیرۆکەی کە چۆن قورئان بە زمانی عەرەبییە، تەنیا ئەو زمانە دەتوانێت وەک زمانی زانستی کەڵکی بێت، کاریگەری لەسەر نەنووسین بە زمانی کوردی بە گشتی و نەنووسین لە بواری ڕەوانبێژی بەم زمانە، بووبێت.

## ڕەوانبێژی لە کوردیدا

بەداخەوە لە ڕابردوودا تەنیا مزگەوتەکان جێگای خوێندن و خوێندەواری بوون و تەنیا جۆری خوێندنی ئایینیش باو بوو. جا هی وا هەبوو ئەو خوێندنەی کۆتایی پێ دەهێنا و دەبووە ماموستای ئایینی، هیواش هەبوو بە هەر هۆیەکەوە تەنیا بەشێکی دەخوێند و وازی دەهێنا و میرزایان پێ دەکوتن. میرزاکان ئەوانە بوون کە خوێندن و نووسینیان دەزانی، بەڵام زانستەکانی ئایینییان تەواو نەکردبوو. جا وەک ئاماژەمان پێکرد ئەو خوێندەوارانە بەگشتی کتێبی عەرەبییان دەخوێند. ئەمەیش نەک هەر کتێبی ڕەوانبێژی بەڵکو هەموو زانستەکانی دیکەی ئایینیشیان هەر بەو زمانە دەخوێند. دوو کتێبی فارسیشیان (گوڵستان و بوستان) دەخوێند. جاری وایش بووە چەند کتێبی دیکەی فارسیشیان دەخوێند و شارەزای ئەم زمانەش دەبوون و دەیانتوانی شیعری شاعیرانی گەورەی فارس وەک فیردەوسی، سەعدی، حافز و کەسانی دیکەیش بخوێننەوە. شاعیرانی کورد یەکەم کەسانێک بوون لە شیعرەکانیاندا ڕەوانبێژی کەڵکیان وەردەگرت؛ چونکە شیعر لەگەڵ ئەم زانستە تێکەڵاوی هەیە و بتەوێت و نەتەوێت لە زماندا بوونی هەیە، تەنانەت هەندێک لە زماننناسەکان پێیان وایە، ڕەوانبێژی لە زمان جیا ناکرێتەوە.

یەکەم جار شێخ نووری شێخ ساڵح(١٨٩٦-١٩٥٨ز.) لە گۆڤاری ژیاندا هەندێک وتاری سەبارەت بە واتاناسی بڵاو کردەوە. بۆ وێنە لە ژمارەی ٥٥ ژیاندا کە حەوتانە لە لایەن ماموستا پیرەمێردەوە دەردەچوو، لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ شەعبان ١٣٤٥ کۆچی مانگی بەرانبەر بە ٢٤ شوباتی ١٩٢٧ وتارێکی سەبارەت بە ئیجاز (کورتکردنەوە) و اکثار (درێژکردنەوە) کە دوو دەستەواژەی واتاناسین بڵاوکردەوە و تێیدا بە بەیتێکی شێخ ڕەزا تاڵەبانی و بەیتێکی م. نووری وەک پاڵپشتێک بۆ قسەکانی ئاماژەی پێ کردووە.

وتارەکە بە ڕێنووسی عەرەبی و فارسی چاپکراون؛ چونکە نووسین بە ڕێنووسی کوردی لەو کاتەدا باو نەبووە (بڕواننە پارسا، ١٣٩٧: ٥). شێخ نووری شێخ ساڵح چەند وتاری دیکەیشی یەک لە دوای یەک لە گۆڤاری ژیاندا بە سەرپەرشتیاری پیرەمێردی نەمر(١٨٦٧-١٩٥٠) سەبارەت بە واتاناسی لە چاپ دا، ئەمە سەرەتای باسکردنە سەبارەت بە ڕەوانبێژی لە کوردیدا. بەڵام وەک باسم کرد، ئەمانە کۆمەڵە وتارێک بوون، بەڵام وەک کتێب هێشتا هیچمان لە کوردیدا نەبوو. پەنجا و یەک ساڵ دوای ئەوە ماموستا عەلائەددین سەجادی(١٩٠٧-١٩٨٤) یەکەم کتێبی سەربەخۆی سەبارەت بە زانستەکانی ڕەوانبێژی بە نێوی خۆشخوانی نووسی و لە ١٩٧٨ز. لە چاپی دا.

## تایبەتمەندییەکانی کتێبی خۆشخوانی

کتێبی خۆشخوانی ماموستا سەجادی، یەکەم کتێبی کوردیی سەبارەت بە ڕوونبێژییە و هەر سێ بابەتی ڕوونبێژی وەک واتاناسی، ڕوونبێژی و جوانکاری لەخۆ دەگرێت. ئەم کتێبە هەندێک تایبەتمەندیی هەیە کە بریتین لە:

١. وەک باسمان کرد یەکەم کتێبی سەربەخۆیە سەبارەت بە ڕەوانبێژی.
٢. لەم کتێبەدا بۆ یەکەم جار هەر سێ زانستەکەی ڕەوانبێژی بە تێروتەسەلی باس کراوە.

٣. لەم کتێبەدا یەکەم جارە کە وشە و دەستەواژەکانی ڕەوانبێژی بە کوردی بەرچاوی خوێنەر دەکەوێت؛ واتە بۆ هەرکام لە نێوە عەرەبییەکان، بەرامبەری کوردی زۆر جوانی داناوە؛ بۆ وێنە بڕواننە چەند دەستەواژەیەکی عەرەبی و بەرامبەرە کوردییەکەی:

| عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| حسن تعلیل | جوانی بایس |
| تجاهل العارف | خۆگێلکردن |
| تضاد | دژیەک |
| مراعات النظیر | چاو لە یەک |
| جناس | ڕەگەزدۆزی |
| رد العجز علی الصدر | دوابەسەر |
| تلمیح | تێلنیشان |

ئەمانە تەنیا تایبەت بە جوانکاری نییە و ڕوونبێژی و واتاناسیش دەگرێتەوە.
بۆ وێنە بە چەند دەستەواژەیەکی ڕوونبێژی ئاماژە دەکەین:

| عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| تشبیه | وەک یەک |
| کنایه | درکە |
| مجاز | خوازە |
| استعاره | خواستن |

گرینگی ئەم ئیشەی مامۆستا سەججادی لەوەدا دەردەکەوێت کە: یەکەم بزانین مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕڕیس لە ١٩٩١ز دا کتێبێکی بە نێوی بدیع و عروض نامی، واتە کێشناسی و جوانکاری نامی لە چاپ دا. نامی ناسناوی مامۆستا مودەڕڕیس بووە .

ئەم کتێبە سێزدە ساڵ دوای کتێبەکەی مامۆستا سەججادی لە چاپ دراوە، بۆیە ناتوانین بڵێین مامۆستا مودەڕڕیس ئاگاداری کتێبی خۆشخوانی مامۆستا سەججادی نەبووە، بەڵام تەواوی دەستەواژەکان بە عەرەبین، بۆیە بە بڕوای من دەبێت بڵێین نییەتمە جوانکاری و کێشناسی عەرەبی بە زمانی کوردی دەخوێنم. دووهەم: لە دوای مامۆستا سەججادی دەیان کتێب و نووسراوە سەبارەت بە ڕەوانبێژی نووسراوە، وەک ئەو کتێبەی مامۆستا نامی کە ئاماژەمان پێکرد، یان سێ کتێبی زۆر بە نرخی دکتۆر عەزیز گەردی واتە ڕوونبێژی (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووهەم جوانکاری (١٩٧٥) واتاناسی (بەرگی سێهەم) (١٩٧٩)، کتێبەکانی ئیدریس عەبدوڵڵا وەک جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا (٢٠٠٣)، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی (٢٠١٧) و جوانکاری شیعری نوێی کوردی (٢٠١٧)، کووانەکانی ڕوونبێژی (٢٠١٤) سەبارەت بە ڕوونبێژی، هونەرەکانی ڕەوانبێژی کوردی (٢٠١٨) سەبارەت بە دوو زانستی جوانکاری و ڕوونبێژی، یان کتێبی کەسانی دیکە وەک جوانکاری لە شیعری وەفاییدا (٢٠١٧) مەریوان حسێن فەرحان، هونەری جوانکاری لە شیعری عەونیدا (٢٠١٧) بەهار عەبدولجەبار جامی، هونەری جوانکاری لە شیعری حەمدیدا لە زانا یاسین عوبەید (٢٠١٦) کە ئەم سیانەی دوایی هەرسێکیان نامەی ماستەری نووسەرەکانیان بوون، مستەفا سەیید مینەی‌ش نامەی ماستەرەکەی بە نێوی پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووی لە ٢٠٠٧ لە چاپ داوە کە بەشێکی سەبارەت بە جوانکاری لە شیعری وەفاییدایە، بەهاری ڕەوانبێژی کتێبی موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی (٢٠١٣) هەر سێ زانستی ڕەوانبێژی لەخۆ دەگرێت. جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی نوێ (١٣٩٧ک) و ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (١٣٩٧ک) لە نووسەری ئەم وتارە، هەر هەموویان و دەیان کتێبی دیکەیش جگە لە کتێبەکەی مامۆستا نامی، کاریگەری نێوی ئەو دەستەواژانەی مامۆستا سەججادییان بە تەواوی پێوە دیارە، چونکە ناچار بوون زۆربەی زۆری ئەو دەستەواژانەی مامۆستا سەججادی دایناون، قبووڵ بکەن و لە کتێبەکانیاندا کەڵکی لێ وەربگرن، ئەمەی‌ش سەرنج و دیققەت و لێزانی مامۆستا سەججادی دەردەخەن.

کەڵک وەرگرتن لە نموونە شیعرە جوانەکانی شاعیرانی کورد وەک نموونە بۆ ئەو مەبەستانەی باسی کردوون؛ بۆ وێنە تەنیا لە باسی جوانکاریدا ١٤٦ دێڕە شیعری لە مامۆستا کوردەکان لە کتێبەکەیدا هێناوە.

**هەڵبژاردنی نموونەی شیعری جوان:** مامۆستا نەهاتووە هەرچییەکی وە بەردەس هاتبێت وەک نموونەی شیعر هێنابێتی یان وەک مامۆستا نامی خۆی شیعری بۆ دانابێت، بەڵکو گەڕاوە شیعرە هەرە جوانەکانی هەڵبژاردووە. بۆ وێنە کاتێک باسی توانجپۆشی (ایهام یا توریه) دەکا، ئەم شیعرە خۆشەی شێخ ڕەزای بۆ دێنێتەوە کە هەموو کەس پێی خۆشە:

گەرچی فەقیر و موفلسە شێخ مامە ساڵحم
نەم دی کەسێ وەکوو ئەو ساحیبی کەرەم
میوانی بووم نان و کەرەیەکی نایە بەردەسم
ئێستەش بە بێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم

(سەججادی، ١٩٧٨: ٩٣)

**کەڵک وەرگرتن لە نموونەی شیعری شاعیرانێکی زۆر:**

مامۆستا سەججادی نەهاتووە تەنیا لە یەک یا دوو دیوانی شیعری نموونە بێنێتەوە، بەڵکو ١٤٦ دێڕەشیعری لە ٤٠ شاعیری کورد هێناوەتەوە کە جگە لە یەکێک لەوانە، بە نێوی ٣٩ کەس لە کاتی هێنانی شیعرەکەیان ئاماژەی کردووە: وەک نالی، سالم، مەجدی، بێخود، تاهیربەگ، پیرەمێرد، خادم، ڕەمزی، گۆران، عارف سائیب، حەریق، حەمەمینبەگی جاف، شێخ ڕەزا، شەیدا، ئەدەب، زێوەر، شاهۆ، وەفایی، قانع، حەمدی، سەلام، کوردی، حاجی قادری کۆیی، فانی، مەلا غەفووری دەباغی ناسراو بە حافزی مەهابادی، سالم سنەیی، کەماڵ عەلی باپیر، مەڵکەی جوانرۆیی، وافی، میرزا مارف، وەلی دێوانە، ساقی، مەحوی، حیرەت، ناری، شوکری فەزڵی، مەلای جەبباری و سەفوەت.

ئەم نموونانەش وەک ژمارەی نموونە، نەک وەک دێڕەشیعر لە هەموویاندا وەک یەک نییە، بۆ وێنە ئەم شاعیرانە بە تەرتیبی کەڵکوەرگرتن لە شیعرەکانیان بریتین لە: نالی ١٤ نموونە، شێخ ڕەزا ٨ نموونە، زێوەر ٦ نموونە، پیرەمێرد و سالم هەر کام ٥ نموونە، حەریق و ڕەمزی و بێخود هەر کام ٣ نموونە، تاهیربەگ، حاجی قادری کۆیی، حەمدی، گۆران و حەمەمینبەگی جاف هەر کام ٢ نموونە و باقی شاعیرەکانیش هەر کام یەک نموونە شیعر.

ئاماژە بە نێوی ٤٠ شاعیر کە لەوانەیە زۆر کەس ناوی بەشێک لەوانەی نەبیستبێت، ئاماژەیە بۆ ئاگاداری مامۆستا سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی و خوێنندنەوەی شیعری هەموو ئەمانە، چونکە مامۆستا لە بواری مێژووی

ئەدەبی کوردیشدا خاوەن کتێبە و دیارە کەم کەس دەتوانێت ئەو ئاگاداری و زانستەی ببێت و بتوانێت لە ڕەوانبێژیشدا کەڵکیان لێ وەربگرێت.

**کەڵک وەرگرتن لە پەخشان وەک نموونە:** مامۆستا تەنیا لە نموونەی شیعری بۆ باشتر فێرکردنی خوێنەرانی کتێبەکەی کەڵک وەرنەگرتووە. بەڵکو لە پەخشانیش کەڵکی وەرگرتووە. چونکە بەشێک لە جوانکارییەکان وەک سەروادار (سجع) زیاتر لە پەخشاندا بوونیان هەیە؛ هەر بۆیەیش مامۆستا لە وتارەکانی خۆی، موفتی زەهاوی، گۆران و تەنانەت لەو قسانەی دراونەتە پاڵ خولەپیزەیش کەڵکی وەرگرتووە. جگە لەمانەیش، لە بەشەکانی فۆلکلۆریش وەک پەندی پێشینیان و قسەی ئاساییش وەک نموونە کەڵکی وەرگرتووە. ئەمەیش دیسان شارەزایی و زانستی ئەو لەو بوارەدا پیشان دەدات، چونکە مامۆستا هەم لە بواری فۆلکلۆری کوردیدا و هەم لە بواری پەندی پێشینیاندا زۆر شارەزایە و خاوەنی کتێبی سەربەخۆ لەم بوارانەدایە.

**ڕێکوپێکی ڕستەکان:** مامۆستا لە وتارەکانی سەبارەت بە ڕەوانبێژی، نە زۆر درێژەی داوەتێ کە خوێنەر ماندوو بکات و نە هێندە کورت باسی کردوون کە زۆر شتی بەجێ هێشتبێ، بەڵکو هەموو وشە و ڕستەکان لەجێی خۆیدان و بە قەولی کوردی پڕ بە پێستی مەبەستەکەن.

**ڕوون و ئاشکرانووسینی مەبەست:** وتەکانی مامۆستا بە کوردییەکی زۆر پەتی نووسراون و مەبەستەکانی باسی کردوون، زۆر ڕوون و ئاشکران، ئەمەیش ئاماژەیە بە توانایی ئەو لە نووسیندا.

**فرەلایەنی لە باری مەبەستەوە:** مامۆستا هەموو لایەنەکانی ڕەوانبێژی بە وردی باس کردووە. تەنانەت ئەوانەیشی کە لە ئەدەبی کوردیدا نموونەیان زۆر کەمە. پێم وایە ئەوەیشی لە ترسی ئەوە کردووە کە کۆلکە مەلاکان بە تایبەت کۆلکە مەلای زانکۆکان ڕەخنەی لێ نەگرن و نەڵێین بۆ ئەم مەبەستەی باس نەکردووە. لە هەمووانیشدا بە جوانی توانیویە ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێت. تەنیا لە پچڕان (استخدام)دا نموونەکەی بە بەرانبەر بە عەرەبی هێناوە کە بە بڕوای من ناکرێت ئەمە بۆ کوردی بهێنێتەوە، چونکە لە کوردیدا بە جۆرێکی دیکە بوونی هەیە. بۆ نموونە مامۆستا بۆ ئەو جوانکارییە ئەم دێرەشیعرەی شەیدای هێناوەتەوە کە دەڵێت:

لە شەممەدا من ئاگرم نابێ        چونکە ئاگردان لەوێدا نابێ

کە دەڵێت شەممە ناوی دێیەکە لە وڵاتی سلێمانی و ناوی یەکێک لە ڕۆژەکانی حەفتەیشە. کە ئەبێ ئاگردان لەوهادا، دا ناوی «لەوێ» بۆ شەممە ئەگەڕێتەوە. (سەجادی، ١٩٧٨: ٩٣)

بە بڕوای من ئەمە دەقاودەق بەراورد لەگەڵ عەرەبیدایە. ئەم جۆرە جوانکارییە بەو شێوەی مامۆستا باسی دەکات لە کوردیدا بوونی نییە.

بەڵکو لە کوردیدا بەم جۆرەیە: دووبەر[1] (استخدام) ئەوەیە کە لە دێرە هۆنراوە یا دێرە پەخشانێکدا وشەیەک هاتبێت کە بەرانبەر بەو وشە مانایەکی هەبێت و بەرانبەر بە وشەیەکی دیکە هەر لەو دێڕەدا مانایەکی دیکەی هەبێت، بۆ وێنە نالی دەڵێت:

زابیتەی تەبعم سوارە ئیددعای شاهی هەیە
موحتەشەم دیوانە داوای تەختی خاقانی دەکا

وشەی دیوان دوو مانای هەیە، یەکەم دیوەخان، دووهەم دەفتەری هۆنراوە لەگەڵ وشەی شادا بە واتای کارگێڕییە بەڵام لەگەڵ وشەی موحتەشەمدا کە نێوی شاعیرێکی فارسیی زمانی ئێرانییە بە مانای دەفتەری هۆنراوەیە. (پارسا، ١٣٠٧: ١١٧)

## دەرئەنجام

مامۆستا عەلائەددین سەجادی یەکەم کەسە کە لە زانستەکانی ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا جێگە و پێگەیەکی هەرە بەرزی هەیە. زانستی ڕەوانبێژی قەرزداری ئەم بەڕێزەیە، چونکە یەکەم کەسە کە کتێبی لەم بوارەدا بە زمانی کوردیی نووسیوە، یەکەم کەسە کە لە بەرامبەری وشە و دەستەواژەکانی عەرەبی ئەم زانستەدا، وشە و دەستەواژەی کوردی داناوە و زۆربەیشیان هەتا ئێستایش لە لایەن کتێبەکانی نووسراو لەم بوارەدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. شارەزایی و پسپۆڕی مامۆستا لە بواری جۆراوجۆرەکانی وەک مێژووی ئەدەبی کوردی، فۆلکلۆری کوردی، پەندی پێشینیان و زۆر بواری دیکە لەگەڵ پسپۆڕی ئەو لە زمانەکانی عەرەبی و فارسیدا توانیوە لە بواری ڕەوانبێژیدا زۆر بە توانا بێت، کەڵک وەرگرتن لە ١٤٦ نموونە شیعر لە ٤٠ شاعیری کوردی، کەڵک وەرگرتن لە فۆلکلۆر و نموونەی جوانی پەخشان، ئەمانەمان بە باشی بۆ دەسەلمێنێت. هەر بۆیەش کتێبی خۆشخوانی مامۆستا وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و بەهێز لە ڕەوانبێژیدا هەتاهەتایە بۆ زانایان، پسپۆڕان و خوێنەران و شارەزایانی ڕەوانبێژی، دەتوانرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت.

## سەرچاوەکان

### کوردی


١. ئەحمەد مستەفا گەردی، موحسین (٢٠١٣). بەهاری ڕەوانبێژی.
٢. پارسا، سەیید ئەحمەد (١٢٩٤). جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی نوێ. سنە: نالی.
٣. حسێن فەرحل، مەریوان (٢٠١٧). جوانکاری لە شیعری وەفاییدا، سلێمانی. چاپخانەی پەنجەرە.
٤. عەبدولجەبباری جامی، بەهار (٢٠١٧). هونەری جوانکاری لە شیعری عەونیدا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٥. عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٢). جوانکاری شیعری نوێی کوردی. هەولێر، چاپخانەی هەیڤی.
٦. ............................ (٢٠١٢). جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٧. ............................ (٢٠١٨). هونەرەکانی ڕەوانبێژی کوردی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٨. سەجادی، عەلائەددین (١٩٧٨). خۆشخوانی. بەغدا: چاپخانەی معاریف.
٩. سەیید مینە، مستەفا (٢٠٠٧). پلەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خواروو. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.
١٠. شێخ ساڵح ، شێخ نوري(١٩٢٧): «ایجاز و اکثار». ژیان، ژمارە ٥٥.


[1] ئەم ناوە من ناوم لێ ناوە و بڕوانە کتێبی جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی نوێ، کتێبەکە هیی نووسەری ئەم وتارەیە، ل ١١٧.

١١. گەردی، عەزیز (١٩٧٢). ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا. بەرگی یەکەم. ڕوونبێژی. هەولێر: چاپخانەی شارەوانی.

١٢. ..................... (١٩٧٢). ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا. بەرگی سێهەم: واتاناسی. هەولێر: چاپخانەی شارەوانی.

١٣. ..................... (١٩٧٢). ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا. بەرگی دووهەم: جوانکاری. هەولێر: چاپخانەی شارەوانی.

١٤. مودەڕڕیس، عەبدولکەریم (١٩٩١). بەدیع و عەرووزی نامی. بەغدا: چاپخانەی دار الجاحظ.

**عربی**

القرآن الكريم

١. ابن اثیر، ابوالفتح ضیاءالدین نصرالله (١٩٣٩) المثل السائر. تحقیق د. محمد محیالدین عبدالحمید، قاهره، مطبعه مصطفی البابی.

٢. تفتازانی، سعدالدین مسعود بن عمر (٢٠٠٣). مختصر السعد (شرح تلخیص مفتاح العلوم). تحقیق الدکتور عبدالحمید هنداوی، بیروت: مکتبه العصریه.

٣. تفتازانی، سعدالدین مسعود بن عمر (٢٠٠١) المطول. تحقیق الدکتور عبدالحمید هنداوی، بیروت: دار الکتب العلمیه.

٤. جاحظ، ابوعثمان عمرو بن مجد (١٩٤٧). البیان و التبیین، قاهره.

٥. خطیب قزوینی، جلالالدین بن عبدالرحمن (١٩٨٩). الإیضاح فی علوم البلاغه. بشرح و تعلیق و تنقیح د. محمد عبدالمنعم خفاجی، بیروت: الشرکه العالمیه.

٦. خطیب قزوینی، جلالالدین عبدالرحمن (١٩٩٧). التلخیص فی علوم البلاغه (و هو تلخیص مفتاح العلوم سکاکی). بیروت: دار الکتب العلمیه.

٧. سکاکی، ابویعقوب (١٩٣٧). مفتاح العلوم. مصر.

٨. قیروانی، ابن الرشیق (١٩٨١). العمده فی محاسن الشعر و نقده. بتحقیق محمد محیالدین، بیروت: دار الجلیل، الطبعه الخامسه.

**فارسی**

١. آقا سردار، نجفقلی (١٣٣٣ش) درّه نجفی. با تصحیح و تعلیقات و حواشی حسین آهی، با دو مقدمه از میر فیروز کوهی و محمد حمیدی. تهران: انتشارات فروغی.

٢. تاج الحلاوی، علی بن محمد (١٣٤١). دقائق الشعر. به تصحیح و حواشی و یادداشتهای سید محمد کاظم امام، تهران، دانشگاه تهران.

٣. پارسا، سید احمد (١٣٩٧). بررسی انتقادی کتب بدیع زبان کردی. پژوهشنامه ادبیات کردی، دوره چهارم، شماره ٦، پاییز و زمستان، صص ١-١٥ .

٤. رادویانی، محمد بن عمر (١٣٦٢). ترجمان البلاغه. به اهتمام احمد آتش. تهران: اساطیر، چاپ دوم.

٥. رازی، شمس قیس (١٣٧٣). المعجم فی معاییر اشعار العجم. به کوشش سیروس شمیسا، تهران: فردوس.

٦. رامی تبریزی، شرفالدین حسن بن محمد (١٣٤١). حقائق الحدائق. تهران: دانشگاه تهران.

٧. رجایی، محمد خلیل (١٣٧٦). معالم البلاغه. شیراز: دانشگاه شیراز.

٨. کاشفی سبزواری، میرزا حسین (١٣٦٩). بدایع الافکار فی صنایع الاشعار، ویراست میر جلال‌الدین کزازی. تهران: نشر مرکز.

٩. مازندرانی. محمد هادی محمد صالح (١٣٦٧). انوار البلاغه. تهران: مرکز فرهنگی نشر قبله، دفتر نشر میراث مکتوب.

١٠. وطواط، رشیدالدین (١٣٦٣). حدائق السحر فی دقائق الشعر. به تصحیح و اهتمام عباس اقبال. تهران: سنایی و طهوری.

١١. هدایت، رضاقلی خان (١٣٥٦). مدارج البلاغه در علم بدیع. شیراز. معرفت، چاپ دوم.



## الملخص

### دور ومكانة علاء الدين سجادي في البلاغة الكردي

بدأت نظريات علم البلاغة في الظهور في اليونان القديمة ، واستخدم علماء المسلمين هذا العلم لاحقًا لفهم معجزات القرآن بشكل أفضل. الجاحظ (ت ٢٥٥ ه) ، أبو هلال العسكري (٣٢٠-٣٩٢ ه) ، ابن رشيق القرواني (ت ٤٥٦ ه) ، عبد القاهر الجرجاني (٤٠٥-٤٧٤ ه) ، خطيب التبريزي (ت. ٤٥٦ ه) ٤٢١-٥٠٢) ، السكاكي (٥٥٥-٦٢٦ ه) ، ابن أثير (٥٥٨-٦٣٧) وتفتازاني (٧٢٢-٧٩٢) من هؤلاء العلماء. أي أن بداية االبلاغة في اللغة العربية تعود إلى حوالي ١٣٠٠ عام. ويتبعهم الفرس ، الذين يعود تاريخ هذا العلم إلى ما قبل ١٠٠٠ عام ، عندما كان أول كتاب في البلاغة في اللغة الفارسية، لا يزال موجودًا ، يسمى ترجمان البلاغة بقلم محمد بن عمر رضواني. لسوء الحظ ، يعود تاريخ كتابة هذا العلم باللغة الكردية إلى ٩٥ عامًا مضت عندما كتب الشيخ نوري شيخ صالح (١٨٩٦-١٩٥٨) عدة مقالات لأول مرة في مجلة "ژيان" ، واستشهد أحيانًا بأشعار الشعراء الأكراد. ومع ذلك ، فإن أول كتاب كردي في هذا المجال كان كتاب سجادي بإسم خوشخاني ، والذي نُشر فيه تفسر هذه الدراسة الكتاب بأسلوب وصفي - تحليلي. تظهر النتائج أن هذا الكتاب يحتوي على الأجزاء الثلاثة لعلم البلاغة: علم المعاني ، وعلم البيان، وعلم البديع. كتابة أول كتاب مستقل في علم البلاغة، ووضع الأسماء الكردية بدلاً من الأسماء العربية لأول مرة لأي من علوم علم البلاغة ، باستخدام أمثلة جميلة من الشعر ونشر الفولكلور الكردي لأغراض هذا العلم ، والابتكارات الهامة وغيرها الكثير. أشياء كهذه كانت قادرة على لعب دور ومكانة علاء الدين سجادي شرح أفضل وجعل هذا الكتاب لا يزال معترفًا به كمصدر موثوق للباحثين في هذا المجال.


**الكلمات المفتاحية:** البلاغة ، علم البديع ، علم البيان ، علاء الدين سجادي ، النقد.

## Abstract

## The role and position of Alaeddin Sajjadi in Kurdish rhetoric

The theories of psychology began to be formulated in ancient Greece, and Muslim scholars later used this science to better understand the miracles of the Qur'an. Jahiz (d. 255 AH), Abu Hilal al-Askari (320-392 AH), Ibn Rashiqi al-Qirwani (d. 456 AH), Abdul Qahir Jurjani (405-474 AH), Khatib al-Tawrezi (d. 456 AH). 421-502), Sakkaki (555-626 AH), Ibn 'Athir (558-637) and Taftazani (722-792) are some of these scholars; That is, the beginning of rhetoric in Arabic dates back to about 1300 years ago. They are followed by the Persians, whose history of this science dates back to 1,000 years ago, when the first book of rhetoric, which still exists, was called Tarjman al-Balagha Written by Muhammad ibn 'Umar Raduyani. Unfortunately, the history of writing this science in Kurdish goes back to 995 years ago when Sheikh Nuri Sheikh Salih (1896-1958) first wrote several articles on He published the magazine Zhinda and occasionally quoted poems from Kurdish poets as examples. However, the first Kurdish book in this field was Sajjadi's book Khoshkhani, which was published in 1978. This study interprets this book in a descriptive – analytical manner.

More about this source text. The results show that this book includes all three knowledges of retorics, figures of speech and retoric. Writing the first independent book in retoric, putting Kurdish names instead of Arabic names for the first time for any of the sciences of retoric, using beautiful examples of poetry and The dissemination of Kurdish folklore for the purposes of this science, significant innovations and many other things like these have been able to play the role and position of Alaeddin Sajjadi Better explain and make this book still recognized as a reliable source for researchers in this field.

**Keywords:** rhetoric, figures of speech, semantics, Alaeddin Sajjadi, Criticism.